ئاسیاسە: سەرجەم پابەندە دارایی و یاساییەکانمان جێبەجێکردوە

کەمپانیای ئاسیاسە ڕاگەیاندراوەکی بە ناونیشانی " ئاسیاسە پابەندبوونی تەواوەتی خۆی دووپات دەکاتەوە و سەرجەم پابەندبوونە یاسایی و دارایییەکانی بەرامبەر بە حکومەتی عێراق جێبەجێ کردووە"، بڵاوکردەوە.

سە شەممە، ٦ کانوونی دووەم ٢٠٢٦، کەمپانیای ئاسیاسەل، ڕایگەیاند "ئێستا هیچ پابەندبوونێکی دارایی لە ئێستێی کەمپانیادا نییە بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی، ئەمەش لە چوارچێوەی پابەندبوونی بەردەوامیدا بە شفافیەت و دیسپیلینی دارایی و کارکردن بە گوێرەی ڕێکارە یاسایی و ڕێکخراوەییە کارپێکراوەکان".

لە بارەی کارکانیان لە ساڵی ٢٠٢٥ کەمپانیاکە ئاماژە بەوە دەکات "لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٢٥دا، ئاسیاسە هەموو ئەو پابەندبوونە دارایانەی لە ئێستیدایە بەجێیهێناوە لە چوارچێوەی ڕێکارە بەرکار و پەسەندکراوەکان لەگەڵ لایەنە حکومییە پێیوەندیدارەکان، هەر وەکو ئەوەی لە هەموو ساڵە دارایییەکاندا کردوویانە".

وێک هاوبەشێکی نیشتمانی بەرپرسیار، بەشداری دەکەین لە پشتیوانیکردنی ئابووریی نیشتمانی و بەهێزکردنی گەنجینەی دەوڵەت، بە جۆرێک مەدەلێکی ئەرێنی کاری هاوبەشی تێندروست و درێژخایەن لە نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا نیشانبدات"، لە بارەی داهاتووە ئاسیاسێل وا دەڵێت.کەمپانیای ئاسیاسێل (Asiacell) بە پێیوەندییەکان، لە ساڵی ١٩٩٩ لە شاری سلێمانی لەلایەن سەرمایەدار فاروق مستەفا ڕەسوڵەوە دامەزراوە و لە ئێستادا زیاتر لە ١٦ ملیۆن بەشداربووی هەیە لە سەرانسەری عێراقدا، ئاسیاسێل یەکەم کەمپانیا بوو کە خزمەتگوزاری 4G بە شێوەیەکی بەرفراوان لە عێراقدا ڕابگەیەنێت، چەندین جار وەک باشترین کەمپانیای گەیاندن لە عێراق و ناوچەکە خەڵات کراوە.